# رۆژی لێبوردن خواستن

**نورەدین وەیسی**



هەموو ساڵێك بەبۆنەی  رۆژی جیهانیی ژنان لەشکرێك لە پیاوانی کورد سنگ دەردەپەڕێنن وئیدی شەڕیانە لەسەر نیشاندانی ژندۆستی وبەرەڤانیکردن لەمافەکانیان ،تەنانەت بەوانەش کەتەنێ لە ژووری نووستن وچێشت لێناندا ژنیان وەبیرە، لەولاشەوە رووباری خوێنی ڕژاوی ژنانی کورد لەسەرشەرەف وئابرۆو  هەروا درێژتر دەبێت.
ئەوەی فرە باڵکێشە ئەوەیە رەوشی ژنانی کوردستان هەربەرەو دوواوە دەگەڕێتەوە و مافەکانیان هەروا بەرتەسکتروئازادییەکانیان (ئەگەر ئازادییەکیان هەبێ) هەروا هەرەشەلێکراوتر دەبێت.کەتەنانەت وای لێهاتووە ئەو تۆزە خۆبادانەی کە کورد دەیکرد کە گوایا لە وێستگەکانی مێژوودا ژنانی کورد بەبەراوردلەگەڵ ژنانی دەوروبەر ئازادتر بوونە هیچ نرخێکی نەماوە.
ماوەیەك لەمەوبەر لە کتێبێکدا وێنەیەکی ژمارەیەك خوێندکاری خوێندنگەیەکی کچانی هەڵەبجەم وەبەرچاو کەوت کەلەسییەکانەوە گیراوە ،ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام ئەوەبوو کەلەکۆی پتر لە بیست خوێندکار تەنها دوو دانەیان دەسماڵیان لەسەربوو ،ئەمڕۆ چش لەهەڵەبجە کە پێموانییە دوو ژنی بێ سەرپۆشی تێدابێت بگرە لەسلێمانیش کەیەکێکە لەکراوەترین شارەکانی کوردستان ژنان لەجلوبەرگ لەبەرکردندا کەسادەترین مافیانەئازادنین، ئیدی باسی شوێنەکانی دیش هەر مەکە.

زۆرجار کەلەتەلەڤزیۆنە کوردییەکاندا ڕادەمێنم بەتایبەتیش لە کۆڕوکۆبوونەوە گشتییەکاندا بەدەگمەن سەروبیچمی ژنێك دیارە، هەمووی هەر پیاوی سمێل بابڕبابڕ دانیشتوون وبڕیارلەگەورەو بچووکی شتەکان دەدەن، ئیدی با چەند ژنێکیش لە پەرلەمان وحکومەتدا هەبن وەلێ ڕاستیەکەی دەسەڵاتی کوردستانم وەکو دەسەڵاتێکی تەواو پێتریارکی دێتە بەرچاو .

دەسەڵاتی کوردستان لە ماوەی پازدەساڵی رابردوودا ئەگەرهیچ هەڵەوکەموکورتییەکیشی نەبێت ئەوەندەی بەسە کە لە ژێرسایەی ئەم دەسەڵاتەدا سەدان ژن لەسەربیانووی خێڵەکی ئابڕووچوونەوە کوژراون و ساڵ بەساڵیش ژمارەی قوربانیان هەر زۆرتردەبن وحکومەتیش مێشێك میوانی نییە.

ڕاستە ژنی کوردیش وەك زۆربەی ژنانی رۆژهەڵات هەمیشە ژێردەست وچەوساوە بووە ،بەڵام ژنکوشتنیش قەت بەشێك نەبووە لەکەلتووری ئێمەوپەرەسەندنی ئەم دیاردەیەش لە دوای ڕاپەڕین بەشێکی گرنکی هۆکارەکەی بۆ هەلتۆقینی ئیسلامی سیاسی لەکۆمەڵگەی ئێمە  وچاوپۆشینی دەسەڵات لێی وهەندێکجار سازش لەگەڵ کردنیشی دەگەڕێتەوە.

بەردەوام بوونی دیاردەی ژنکوشتن و هەوڵنەدان بۆ بەرگرتن بەتەشەنەسەندنی پتری، جگەلەوەی کارەساتی زۆر گەورەو دڵتەزێن بەداوی خۆیدا دێنێ ، وێنەیەکی زۆر کرێت وناشرین وقێزەونی دەسەڵاتی کوردستان وکۆمەڵگەی کوردیش نیشانی دنیا دەدات،

ئەوەی زۆر جێگەی سەرسوڕمانیشە قڕوقەپکردنی ڕاگەیاندنی پارتی ویەکێتییە لەم دیاردە مەترسیدارە ،کەتا ئێستا دوورونزیك بەلایدا نەچوون، لەکاتێکدا هیچ ڕێگریان نییە ئەگەر خەڵکانێك بێن وهەتا ماندوو دەبن باسی کۆمەڵێك شتی ئەفسانەیی ونازانستی پتر لەهەزار ساڵ بکەن ،لەوەش سەیرتر بێدەنگبوونی بەناو ڕۆشنبیرانی کوردە ئەوانەی کەئامادەن لە پێناو بڕانی پێنج سەنتی مووچەکەیان پە نجا وتارت بۆ بنووسن کەچی لەبەرامبەر کوشتنی سەدان ژنی بێتاون نووزەیان لێوەنایەوکڕوماتن.

لە ڕۆژی جیهانیی ژناندا ولەجیاتی قسەی زل وبێناوەڕۆك هەر پیاوێکی کورد لەسەریەتی ڕاشکاوانەوڕاست وڕەوان داوای لێبوردن لە دایك وخوشك وهاوسەرو تەواوی ژنان بکات وهەست بە شەرمەزاری بکات کە لە سایەی کۆمەڵگەی پیاوسالاری کوردییەوە ژن وەك کۆیلە ڕەفتاریان دەگەڵ دەکرێ و سەدان ژنیش بەبیانووی گەڕاندنەوەی ئابڕووی تکاوی پیاوانەوە بوونە قوربانی.

ئەز لێرەوە وێڕای داوای لێبوردن لە ژنانی کوردستان هەست بەئەوپەڕی شەرمەزاریش دەکەم کە لەبەرامبەر ئەو توندوتیژی وسووکایەتیەی کەبەردەوام پێیاندەکرێ هیچم لە دەست نایێ ، سەری ڕێزو نەوازش لەبەردەم گۆڕی هەموو ئەو ژنە سەربڵندو رووسپیانەش دادەنوێنم کەبە پاساوی ئابڕوو وشەرەفەوە بوون ودەبنە قوربانی.